Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان

جون

2015

# ڕاپۆرتی سیاسی

# ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران - ئەمەریکا +5
# دەرهاوێشتەکانی لەسەر کوردستان

لەم سەمینارەدا بەڕێز (دکتۆر شێرزاد نەجارٖ، دکتۆرا لە زانستەکانی یاسای نێودەوڵەتی، توێژەر لە فکری سیاسی کوردستان و ماموستای زانکۆ) و (حوسێن کوردنەژاد خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە گەشەی دیموکراسی و بەکالوریۆس لە جۆگرافیای مرۆڤیدا)، لەکوردستان ڕاپۆرتیان پێشکەش کرد، لەتارانەوەبەڕێز (دکتور فەریبورزی رەیس دانا، دکتۆرا لە ئابوری سیاسی لە زانکۆی لەندەن و مامۆستای زانکۆی تاران)، ولە واشنتۆنەوە (دکتور مەهدی خەلەجی، توێژەری سیاسی لە ئەنستیتۆی واشنتۆن و مامۆستای زانکۆ) ئەویش ئێرانیەو لەئەمەریکا بەشداری کردووە.

info@irdk.org

+964 66 257 6001

Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq

www.irdk.org

POLITICAL

**ڕاپۆرتی سەمیناری ئەنستیتۆی توێژینەوەو گەشەپێدان ـ کوردستان، لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمەریکا و پێنج دەوڵەتی هاوپەیمانی.**

لەم سەمینارەدا بەڕێز (دکتۆر شێرزاد نەجار، دکتۆرا لە زانستەکانی یاسای نێودەوڵەتی، توێژەر لە فکری سیاسی کوردستان و ماموستای زانکۆ) و (حوسێن کوردنەژاد خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە گەشەی دیموکراسی و بەکالوریۆس لە جۆگرافیای مرۆڤیدا)، لەکوردستان ڕاپۆرتیان پێشکەش کرد، لەتارانەوەبەڕێز (دکتور فەریبورزی ڕەیس دانا، دکتۆرا لە ئابوری سیاسی لە زانکۆی لەندەن و مامۆستای زانکۆی تاران)، ولە واشنتۆنەوە (دکتور مەهدی خەلەجی، توێژەری سیاسی لە ئەنستیتۆی واشنتۆن و مامۆستای زانکۆ) ئەویش ئێرانیەو لەئەمەریکا بەشداری کردووە.

**دەقی ڕاپۆرت:**

***بەشداری یەکەم: د. شێرزاد نەجار***

پشتیوانی نێودەوڵەتی بەهێز بۆ ڕێککەوتنی ئێران ـ ئەمەریکا + 5 بەدی دەکرێ. ئەو ڕێکەوتننامەیەبەرهەمی گفتوگۆ و کێشەی دەساڵەی نێوان ئەمەریکا و ئێران بوو. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، ئێران هەموو ئەو پارانەی کەلەوڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکادا دەستی بەسەردا گیرابوو، لەسەرووی ١٠٠ ملیار دۆلار بوو ئازاد کرا. بەوەش ئابووری ئێران، بەشێوەیەکی بەرچاو دەتوانێ ببوژێتەوەو دەستی ئێران لەهاوکاریکردنی هاوپەیمانە سیاسییەکانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، درێژتر دەکات.
سەبارەت بەو پشتیوانیەنێودەوڵەتییەی کەبۆ ڕێککەوتنەکە،لەلێدوانی جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاشدا هاتووە، ئێران دەستی دەکرێتەوەو ئازادییەکی شایانی باس وەردەگرێ، بۆئەوەی ڕۆڵێکی ئیجابی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێ. ئەوەی تا ئیستا بەدی دەکرێت، ئێران دەتوانێت لە دەست تێوەردانی خۆی، لەتاران تا بەیرووت، بەردەوام بێت. ئەو پارەزۆرەی بۆی ئازاد کراوە، بۆمبێکی ئابووری دەخاتەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. واتەپشتیوانی ئابووری بۆ ئەو هاوپەیمان و دۆستانەی کەبەنوێنەراتی ئێران شەڕ دەکەن.
لەو ڕێککەوتنەوە دەردەکەوێت کە گۆڕان لەستراتیژیەتی ئەمەریکا، سەبارەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویداوە. ئەمەریکا ئامادەیەلەگەل دوژمنەکانی خۆی بکەوێتەگفتوگۆ و سەرەنجام لەگەڵیان ڕێککەوتنی هەبێت، ئەو ستراتیژیەتەی کەکۆندالیزا ڕایز لەساڵی ٢٠٠٦ (الفوزا الخلاقه) ئاژاوەی بەرنامەبۆداڕێژراو (داهێندراو)، کەمێک

پاشەکشەی تێدا دەکرێ. بەوپێیەئەمەریکا وای بۆ دەچێت کەڕۆڵێکی هەرێمایەتی نوێ بدرێتەئێران. بەمەش ئەمریکا لەڕۆڵ و پێگەی دۆستەکانی خۆی کەمدەکاتەوە، وەک (ئسرائیل، سعودیە، میسر، ئوردن و هەرێمی کوردستان). هێشتا ڕێککەوتنەبەئاکام نەگەیشتبوو ،سعودییەو میسر کەوتنەخۆ، دەستیان بەناڕەزایی دەربڕین کرد، جموجۆڵی دیبلۆماسی خۆیان بۆ ڕێگەگرتن لەو ڕێککەوتنەدەست پێکرد. ئسرائیل بەشێوەیەکی تایبەتی لەناوەوەو دەرەوەی ئەمەریکا، بۆ دژایەتی کردنی ئەو ڕێککەوتنەکەوتەجموجۆڵ، پێیوابوو دەتوانێ ڕێی لێبگرێت. هەندێ جار دەگەیشتەهەڕەشەکردن، بەچەک پەلاماری بنکەئەتۆمییەکانی ئێران بدات. پێویستە قسەیەکی هێنری کەیسنجەر بێنینەوەیادمان کەدەیگووت: لەم بارودۆخەدا، دۆستەکانی ئەمەریکا پێویستەلەئەمەریکا بترسن چونکەئەگەر ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی بخوازێ پشت لەدۆستەکانی خۆی دەکات.

بنەمای پەیوەندیەکانی نێودەولەتی، بریتییەلەململانێ لەسەر دەسەلات و بەرژەوەندی. ئەو هاوپەیمانێتیانەی دەبەسترێن، بەشێکن لەو ململانێیانەی لەپێناوی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانن. هەروەها بۆ ئەو بالادەستی و هەژمونەیە کەلەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کێبەرکێی لەسەر دەکرێت. بناخەی ململانێ لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، لەسەر ئەو ناوچانەیەکەنەوتیان تێدایە. ٦٠%ی نەوتی ئیحتیاتی جیهان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدایە. ئەمەریکا و ئەورووپا بەهیچ شێوەیەک ناتوانن پشتی تێ بکەن. ئێران گرنگی ئەو ناوچەوزەییەدەزانێت، بۆیەژەنەڕالێکی ئیرانی دەلێ لە٧٠% ی نەوتی جیهان لەبەر دەستی ئێراندایە. جیا لەوەش ئەو شوێنانەی کەنەوتی لێیە، پێگەستراتیژییەکەی لەدەستی ئێراندایە، یان دەتوانێ هەڕەشەلەپێگەی ستراتیژی لایەنەکانی دیکە بکات. مەبەستی ئەو ژەنەڕاڵەئەوەیەکەئێران دەتوانێ هەڕەشەلەهەموو ئەو ناوچانەبکات کەنەوتی تێدایە.

### دەرهاویشتەکانی ئەو هاوپەیمانییە

١. پێدەچێ یەکێک لەدەرهاویشتەکانی ئەو هاوپەیمانییە، دەستی ڕوسیا کەمێک کورت بکرێتەوەچونکە ئەمەریکا دەیەوێ ڕوسیا نەبێتەهێزێکی کاریگەر لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. لەنەتیجەی ئەم هاوپەیمانێتییە،سعودییەکەنالێکی گفتوگۆی لەگەڵ ڕوسیا کردۆتەوە، ئەوەش بۆ ئیحتیاتە، بۆ ئەوەی هەرکاتێک نائومێدیەکانی لە ئەمەریکا زۆرتر بێت، بتوانێ لەپاراستنی خۆی بەردەوامبێت.

٢. مەسەلەی سوریا و شەڕی ناوخۆیەکەی، لابردنی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریاش گۆڕانێکی زۆری تێکەوتووە. لەئەنجامی فشاری ئێرانی و ڕوسی، ئێستا سعودییەکان لەمەغریبی عەرەبی، لەگەڵ وەفدی سوریا لەگفتوگۆدان. هەروەها لەم دواییانەوەبلاوبۆوەکەسەرۆکی موخابەراتی سوریا سەردانی سعودیەشی کردبێ. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ، لەسیاسەتدا بەهیچ شێوەیەک ڕاوەستان و پشت بەستن بەخەڵکی تر بوونی نییە. هەر لایەنێک بوەستی زەرەر دەکات. بەرژەوەندییەکانیش هیچ کاتێک تەواو نابن، بەردەوام دەبێ دانەستاندنیان لەسەر بکرێ و پارێزگاری بکرێن.

باراک ئۆباما زۆر بەڕوونی پشتیوانی خۆی بۆ سەرخستنی ئەم پەیمانەڕاگەیاندووە. هەرچەندەکۆنگرێس بۆ پشتیوانی کردنی ئیسرائیل، دژی ئەوەیەکەڕێککەوتنەکەپەسەند بکات بەلام سەرۆکی ئەمەریکا پێگیری لەسەر دەکات و هەرکاتێک پێویست بێت نارەزایەتییەکانی کۆنگریس ڤیتۆ دەکات، دەستی لێ هەلناگرێ.

٣. سیاسەتی ئەمەریکا کەئۆباما ڕایگەیاندووە، بریتییەلەخۆ دوورخستنەوەی ڕاستەوخۆ، لەو شەڕ و پێکدادانەی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوو دەدەن. ئەمەریکا دەیەوێ، لەڕێگای ئەکتیڤ کردنی ئێران، ئەم شەڕانەکۆنترۆڵ بکات و

ئێران و تورکیا بێنێتەناو بەرەی دژی ئاعش. ئۆباما ڕایگەیاند کەئەوان دەتوانن ڕەفتاری ئێران لەکاری نێودەوڵەتیدا، لەئازاردەرەوەبۆ یارمەتیدەر و ئیجابی و گونجاو لەگەڵ ڕێ و شوێنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگۆڕن. هەروەها پێیانوایەکەئەم ڕێککەوتنە، کاردانەوەی لەسەر ژیانی ناوخۆی ئیران دەبێت و ئازادیەکان زیاتر دەکات و بواری جموجۆڵ بۆ میللەتی ئێران فراوانتر دەکات. هەروەها لەدەرەنجامی ئەم ڕێککەوتنە، لەڕۆژئاوا نزیک بکەوێتەوەو بچێتەناو بازاڕی ئابوری جیهانی.

جۆن کیری پێیوایە،هەر پاشەکشەیەک لەو ڕێککەوتنە،بێزڕێییە بەهەیبەتی ئەمەریکا و شکاندنیەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. کێری دەڵێ ئەگەر هاتوو ئێران ڕەفتاری خۆی نەگۆڕی و ئەم ڕێککەوتنەی جێ بەجێ نەکرد، ئیمەئەوکات دەتوانین پێشی پێ بگرین. هەڵبەت ئەم قسەیەی کێری لەکاتێکدایە، لەم ڕۆژانەوەزیری دەرەوەی روسیا ڕایگەیاند، جارێکی تر لەئەنجومەنی ئاسایش، ڕێگەنادەن ئیران بکەوێتەوەبەر ئابلۆقەی نێودەوڵەتی. هەروەها محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران، دەڵێ ئەم ڕۆژەڕۆیشت کەلایەک بەتەنیا لەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیباتەوە، بەڵکو ئەوەهەموومانین بەیەکەوەدەیبەینەوەیان بەیەکەوەدەیدۆڕینین.

ئەگەر بێینەسەر هەرێمی کوردستان دوای سعودیە و ئیسرائیل و سوریا، هەرێمی کوردستان لەناو خۆیدا تا ئێستا ئیدارەیەکی یەکگرتووی نییە. مەرکەزێک نییەدەستی بەسەر باڵەکانی عەسکەری و سیاسی کوردستاندا بشکێ. مەبەست لەکوردستان هەرچوارپارچەی‌باشور، باکور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. ئێستا زیاتر لەهەموو قۆناخێکی دیکەلێکتر دووری و جیاوازی لەنێوان لاباڵەکانی کوردستانیدا هەیە. ئەمەش وادەکات، ئەو میللەتەی خاوەنی هێزێکی چەکدارەبۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ناوبانگێکی باشی پەیدا کردووە، توشی شکان یان پاشەکشەببێت. هەر ئەوەشەوایکردووەلایەنی کوردی، بەهێزەوەلەسەر کورسی دانوستاندن نییەو لەڕێککەوتنەکاندابرسی پێناکرێ. لەخودی پەیماننامەکەشدا، هیچ بەندێک نییەئاماژەبەکوردستان و دوا ڕۆژی ئەو میللەتەبکات.

پرسیار ئەوەیە، ئایا جارێکی تر، وەک ساڵی ١٩٧٥، کوردستان دەبێتەقوربانی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی؟ یەکێک لەسیاسییەکانی کوردستان، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا گوتوویەتی: خوا دەزانێ چی ڕوو دەدات.

سەرکردایەتی کوردستان، دەبێ زۆر بەوردی چاودێری ڕووداوەکانی نێودەوڵەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات. دەبێ پێشبینی هەبێت و بەدیقەت ئایندەبخوێنێتەوە. خوێندنەوەی ئایندەئێستا زانستەو دەبێ سیاسییەکان لێی شارەزا بن.

هەموو لایەنەکانی هەرێمایەتی، ئەگەری لاوازبوون و بەهێزبوونیان لەم پرۆسەیەدا هەیە. بۆیەئامادەگی بەهێزی کورد، دەتوانێ زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکان و مانەوەی کوردستان بێت. یەکێک لەهەڕەشەکان ئەوەیەکەئێران دەتوانێ بەئاسانی کار لەسەر کیشەی کورد بکات، هەروەها بەقازانجی خۆی بەکاری بهێنێت. کورد دەبێ بەئاگاییەوەتەماشای لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، شوێنی بەرژەوەندی ستراتیژی خۆی دیاری بکات، بەیەکگرتوویەوەوەک لایەنێکی کاریگەر لەم پرۆسەیەدا بەشداربێت. هەڵبەت ئەوەی کەئێستا دەبیندرێ کورد خاڵی هەرەلاوازی هەر ئەگەرێکەکەڕوودات.

**بەشداری دووەم: د. فەریبورزی رەیس دانا**

د. رەیس دانا پێیوایەسیاسەتی ئێران لەلای حکومەتەوە دادەڕێژرێت، بەڵکو لەلای ڕابەرەوەدەست نیشان دەکرێ. ڕابەریش بەرژەوەندی باوەڕ و ئایدیۆلۆژیاکەی بەلاوەگرنگە، بۆیەهیچ دەرفەتێک بۆ ئەو گۆڕانکاریەی کەئەمەریکا چاوەڕێی دەکات نییە. لەوانەیەئێران کەمێک نەرمی بنوێنێ بەڵام بەمانای ئەوەنییەلەناو خۆی ئێراندا، بواری ئازادی بۆ میللەتی ئیران بکاتەوەیان لەپەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا، گۆڕانێکی شایانی باسکردن ڕووبدات. پەیوەندی ئێران لەگەڵ سوریا و ئەو پشتیوانیەی کەدەیکات، پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆژییە. هەروەها لەفەلەستین و لەیەمەن و دورگەی عەرەبیشدا، بوونی ئیران جوڵەیەی لەسەر پیکهاتەکانی شیعە و بەکارهێنانی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کەکۆماری ئیسلامی ئێران بڕوای پێیەتی ئەویش ئایدیۆلۆژیای ناردنەدەرەوەی شۆڕشە. ئێران لەناوەڕاستی سیاسەتەکەیدا، بەتەنیا هێشتنەوەی ئیسرائیل هەیەو وازیشی لی ناهێنێ. بنەما خوازەکان کەڵک لەئایدیۆلۆژیای فەرمی کۆماری ئیسلامی وەردەگرن و لەسەر سیاسەتی کۆنیان بەردەوام دەبن.

هەبوونی داعش، ئەکتیڤ بوونی تورکیا و ئیسرائیل، ڕێگا لەهەر گۆڕانکاریەک دەگرێ کەلەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبدات. بۆیەپیشبینی ناکرێ ناوچەکەئارام بێتەوە، بۆ کاریگەر بوون دەبێ مافی ئەو گەلانەی ناوچەکەبەدیاری کردنی چارەنوسی خۆیان، بڕوای پێ بهێندرێ.

ئێران بەپیتاندنی یۆرانیۆم و بەرنامەی ئەتۆمی خۆی، باری ژیانی خەڵکی وڵاتەکەی زۆر قورس کردووە، هەروەها ئەم ڕێککەوتنەئابووری ئیران نابوژێنێتەوە.

**بەشداری سێیەم: د. مەهدی خەلەجی:**

د. خەلەجی گوتی کەئەم ڕێککەوتنەکاریگەری زۆری بەسەر ناوچەکەدا دەبێت، هەروەها پەیوەندی نێوان ئێران ئەمەریکای خستۆتەقۆناخێکی نوێوە. خەلەجی دەڵی لەئەمەریکا دوو جۆر تێڕوانین بەرانبەر بەو ڕێککەوتنەهەیە.

**یەک:** ئەوەیەکەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن، وەک قاعیدەو داعش، لەوانەیەجۆری تریش پەیدابن، بۆیەئەمەریکا ناتوانێ گرفتەکانی ئەوێ چارەسەر بکات. بۆیەباشترین کار پاشەکشەکردنەو ئیعتماد لەسەر خۆی بێ بکات و خەریکی پاراستنی خۆی بێت.

**دووەمیان:** پییوایە مانەوەی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەرورە، چونکەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندی بەئاسایشی جیهانەوەهەیە. داعش هەڕەشەلەئاسایشی جیهان دەکات، بەو شێوەیەش ڕاستەوخۆ هەڕەشەلەئەمەریکا دەکات. بۆیەئەمەریکا بەبەجێ هێشتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناتوانێ ئاسایشی خۆی بپارێزێ. بۆیەپیویستەئەمەرکا لەگەڵ ئەورووپا، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بمێننەوەو پشتیوانی دۆستەکانیان بکەن. هەروەها بەتوندی ڕێگا لەبەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی ئیرانی بگیردرێ و پاراستنێکی باش لەئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی بکرێ. پێویستە ئەمەریکا لەپشتی دۆستەکانی بوەستێ.لەتێڕوانینی دووەمدا پێیوایە، ئەگەر ئێران بەرەسمی بناسرێ، ئیتر ناتوانن ڕێگای لێ بگرن. ئیدی ئێران دەتوانێ لەبەرانبەر ئیسرائیلدا، کار لەسەر عێراق و کوردستان و سوریا بکات. دەبێ پارسەنگ لەنێوان ئیسرائیل و سعودیەو ئیران دروست بکرێت.

ئەم ڕێککەوتنەبارودۆخی ناوچەکەی ئاڵۆز کردووە. لەکۆتاییدا ئەو قسەیەی خامەنەیی جێی سەرنجەکەدەڵێ ئەم ڕێککەوتنەبۆ ئێران گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی کەبۆ ئێران گرنگەئایدیۆلۆژیا و جوگرافیای سیاسی و سەربازیی

ئێمەیەکەئێستا وا کاری تێدا دەکەین.

دکتۆر شێرزاد نەجاڕ پێی وایە کەزۆر لایەنی شاراوەلەم ڕێککەوتنەدا هەن کەئیسرائیل زۆر تەئکیدی لەسەر دەکات و لێیان دەترسێ. ئەم ڕێککەوتنەهەندێک ئاکتۆرە غەیرەدەوڵەتییەکان بەهێزتر دەکات، هەندێکیشیان لاواز دەکات. هەر بۆیەدەبێ یەکێک لەئەگەرەکان ئەوەبێ، لەوانەیەبەشێوەیەکی نەرێنی کار بکاتەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان.

دکتۆر شێرزاد نەجاڕ پێیوایە، ئەمریکا جۆرێک لێتێگەیشتنی لەڕەفتاری یەکەکەلەناوچەکەهەیە.لەوەشەوەدەبێ هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی کورد، بەگشتی لەگەڵ یەکەکەڕوانگەی هاوبەش و نزیکیان هەبێت. سیاسەت بەگوێ پێنەدان و پشتگوێ خستن و خۆ لێ دزینەوەناکرێ، بەڵکو لەم قۆناخەدا، دەبێ سیاسەتمەدارەژیرەکان، لەپەیوەندی لەگەڵ کاروباری نێودەوڵەتیدا بێنەپێشەوە. دەبێ چاوەڕوان بین کەگۆڕانی تێدەکەوێ، ئەو گۆڕانەش شەرت نییەئەرێنی بێت. لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هیچ زەمانەتێک نییە، بەڵکو پەیماننامەهەنە، پابەندن بوون هەیە. کورد لەگەڵ هیچ لایەنێکی ئەو پەیماننامەیەدا بەشدار نەکراوە، بۆیەنابینین هیچ پابەند بونێکیش بەرانبەر بەکورد هەبێت.

**بەشداری چوارەم: حوسێن کوردنەژاد:**

بەڕێز کوردنەژاد جەختی لە سەر ئەوە کرد کە دەبێ سیاسەتی کوردستانی لەجموجۆڵی بەردەوامدا بێت، پەیوەندی نێوخۆی کورد بەردەوام بەرەو باشی بێت. هەروەها پەیوەندی نێوان کورد و دەروبەریش بەردەوام لەچاودێریدا بێت. جۆرێک لەهاوسەنگی لەنێوان دەوڵەتەکان دروست دەبێت، وەک ئیسرائیل و ئێران و سعودیە. فرسەتی کورد تا ئەو جێیەیەکەهاوسەنگی دروست دەبێ. هەر ئیستا دەبیسترێ کەئیسرائیل جیا لەکورد بەدوای تورکیاشدا دەگەڕێ. ئەمەریکا دەیەوێ یەکەکەلەدەست ئێران دەربێنێ، بەو پێیەی یەکەکەرێکخراوێکە، ئامادەیەلەهەر مەیدانێکدا معاملەبکات. بۆیەئەو ئەگەرەزۆرەکەوا یەکەکەلەئێران دووركەوێتەوە. لەسیاسەتی کۆماریەکانی ئەمەریکادا، ئاکتۆری غەیرەدەوڵەتیەکان جێگای تایبەتی هەیە. کەچی لەلای دیموکراتەکان، تەنیا دەوڵەتەکان لەبەرچاو دەگیرێن. واتەکۆماریەکان زیاتر گرنگی بەگروپ و لایەنەئیتنیکی و ئاینیەکان دەدەن و کۆماریەکانیش گرنگی بەمەرکەز و خودی دەوڵەتەکەدەدەن. ئەمەش وادەکات پابەندبن بەسایا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانەوە. ئەم قسانەی ئەم دواییەی خامەنەیی کەپشت لەهاوپەیمانێتیەکەدەکات و بایەخ بەسیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و ژیۆپۆلەتیکی ئێران لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، لەوانەیەئەمەریکا نیگەران بکات. دەبێ لەبەر چاویشمان بێ کەشیعەدابەش بووەبەدوو بەرەدا، شیعەی ئێران و شیعەی عەرەبی، عێراقی. ئەوانەبەرژەوەندیان لەدرێژخایەندا لێک جیا دەبێتەوە.

پێگەی ژیۆپۆلەتیکی کوردستان، بۆ ئیسرائیل و سعودیە گرنگە. ئەو گرنگ بوونەشیان ڕاگەیاندووە. باری ژیۆپۆلەتیکی سلێمانی، لەبەر ئەوەی سنورەکانی بەئێران دەرەدراوەسەختە. بۆیەپێویستەئێستا بارزانی بیر لەبەرژەوەندی و پاراستنیان بکاتەوەو لەدەست ئێران دەریان بهێنێ. دەبێ هاسەنگیەک لەنێوان هێزەکان دروست بکرێ. بەهێز بوون و یەکگرتنی کورد گرنگە. ئەوەش ڕێکاری خۆی هەیە.

پەیەدەوەک خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، هەروەها واز لەپەکەکەنەهێندرێ، کێشەی کورد هەمووی بەیەکەبەستراوەتەوە . ئەوەش کاردەکاتەسەر مەڵبەندی کارتێکردنی ئیران لە کوردستاندا کە پارێزگای سلێمانییە . دەبێ نەخشەی سیاسی خۆمان هەبێ و بتوانین نەخشەکان بخوێنینەوە .

### پێشنیار بۆ سەرکردایەتی سیاسی:

- ڕێککەوتنی ئەمەریکا-ئێران+5 لەسەر زەمینەیەکی سیاسی هاوبەش، لەنێوان دوو لایەنە سەرەکییەکە مۆر کراوە . ئەگەر ئێران هەنگاو بەرەو جێبەجێ کردنی بهاوێت، دەبێ کوردستان چاوەڕوانی باڵادەستیی ئێران بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەش گرفتی سیاسی و ئابووری زۆر سەخت بۆ کوردستان دروست دەکات. لەوەڕا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی، بیری لەلای کاناڵەکانی پەیوەندی و فشار بێت، لە ئەمریکا و ئەوروپا تا دەست لە پارێزگاری کردنی کوردستان شل نەکەن.
- ئێران نیازی دەستێوەردان لە کاروباری تورکیای زۆرتر بووە . پ ک ک  و عەلەوییەکان بۆگرفت نانەوە، لەسەر ڕێی ئاک پارتی، بەکاردێنێت. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شەڕی پ ک ک و تورکیا، بەشداری نەکردنی هەدەپە لە حکومەتی هاوپەیمانی لەگەڵ ئاک پارتی، سەرەنجام تورکیای تووشی هەڵبژاردنی پێشوەختە کرد. بۆیە دەکرێ ئەوە یەکێک بێت لە زەمینە پتەوەکانی، پەیوەندی ئابووری و سیاسی نێوان کوردستان و تورکیا .
- سعودیە و ئیسرائیل، بەهیچ شێوەیەک بیر لە پرۆژەی قبوڵ کردنی ئێران ناکەنەوە . بۆیە پێویستە ئەو عەتفەی ئێستا لەلای ئەو دوو وڵاتەوە بۆ پشتیوانی کورد هەیە، بپارێزین. پێویستە لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوە و سەمینار و چالاکی هاوبەش لەگەڵیان، بیهێنینە ناو سیستەمی بیرکردنەوەی ڕای گشتی کوردستان .
- ئێران پارەیەکی زۆری کەوتۆتەدەست، بەڵام نیازی هەستانەوەی ئابوری مەزنی نیە . سامانەکەی لە دەستێوەردانی سیاسی ناوچەکە سەرف دەکات. بۆیە ناکرێ کوردستان هیچ پلانێکی هاوکاریی ئابووری ئایندەیی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەبێت. پێویستە لەسەر پشت بەستن بە تورکیا و ئەوروپا بەردەوام بین.
- پێویستە کوردستان، پلانی هەبێت بۆ بەرزتر کردنەوەی کێشەی ئێتنیکەکانی ناوچەکە و بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی کورد بووەتە پارێزەری پێکهاتەکان، کاری لێکۆڵینەوە و ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەی کولتووریی هابەشی ئایندەیی، لەسەر بکرێت. ئەمە بۆ جیهانیان زۆر سەرنجڕاکێشە .

- بنیاتانی شاری نوێ بۆ مەسیحیەکان، ئێزیدیەکان، و پێکهاتەکانی دیکە، بە هاوکاری جیهانی، بکرێتە پلان.

- بە ئاشکرایی دژی ئانتی سامیتیزم بوەستین و دۆستایەتی لەگەڵ یەهود و ئیسرائیل کەشف بکەین. ئەمەش بەو ڕوانگایەوە ببەستینەوە کە پێکهاتەکانی پێ دەپارێزین. دەکرێ پارتی دیموکراتی کوردستان، کەلەپووری بارزان بۆ لەخۆگرتنی دینەکان و نەتەوەکانی کوردستان، کەشف و شی بکاتەوە. چونکە ئەو فکرەیە لە ڕێی پارتییەوە بووەتە سیاسەتی گشتی هەرێمی کوردستان.

- پێویستە بیر لە کارکردنی ئێران بکەینەوە، لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک، لەسەر پێکهاتەکانی شیعەی کورد و کاکەیی.

- لە ئەمریکا، دیموکراتەکان دەیانەوێ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتە ڕەسمییەکان بێت. ئەوە لەگەڵ سیاسەتی ئێران یەکیاندەگرێتەوە. کۆمارییەکان زیاتر بایەخ بە ئیتنیکەکان (ئاکتۆرە نادەوڵەتییەکان) دەدەن. لەو ڕووەوە دەکرێ زەمینەی فشاری کورد لەسەر سەرۆکایەتی ئێستای ئەمریکا، بەهێزتر بێت.

- جوگرافیای سیاسی کوردستان، بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی زۆر گرنگە. هەربۆیە ئەگەری وازهێنانی ئەمریکا لە پاراستنی کوردستان، لاوازە. سەرباری هەندێش ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران، ئەگەری فشارهێنان بۆ سەر کوردستان و بەرژەوەندییەکانی دروست کردووە.

- ناوبانگی خۆراگری کورد بەگشتی، لەبەرامبەر تیرۆر، پاراستنی پێکهاتەکانی هەڕەشەلێکراو، پاشەکشەپێکردنی داعش، سامانی سروشتی.. بووەتە مۆدی جیهانی پێشکەوتوو. پێویستە ئەو دەرفەتە خۆشەویستییە بۆ کورد بە زیندویی ڕاگرین. ئەوەش لە ڕێگای پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی مەدەنی و هونەری دەبێت.

- پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان، پ ک ک و ئیمتدادەکەی لە ڕۆژاڤا پ ی د، وەک خۆیان قبوڵ بکات. بە دوای ڕێگای گونجاوی پەیوەندیدا بگەڕێت. ئەو دوو حزبە دووەمین نوقتەی لاوازی بزووتنەوەی سیاسی کوردن کە بە ئاسانی پەنا بۆ هاوکاری ئێران و غەیرە دەبەن و ئامادەیی دروست کردنی تەنگژەی سیاسی و لەشکرییان هەیە.

- وێدەچی ئەمریکا و ئەوروپا لە دواجاردا، پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پ ک ک بگرن. ئەو حزبە هێزێکی لەشکری سەرنجراکێشە بۆ ئەمریکا.

- لە کاتی هەبوونی هەر قەیرانێکدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی هەولێر، دهۆک و

کەرکوک بپارێزرێت. ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر یەکێتی و گۆڕان، سلێمانی جیا بکەنەوە.

- قوڵایی ستراتیژیی هێزەکانی سلێمانی، ئێرانە. بۆیە لەلایەک هەمیشە لەژێر کاریگەری ئێراندا دەبن. لە هەمانکاتدا هیچ ئایندەیەکی ڕووناکیشیان نابێت. سەرەنجام دەڕوخێن.
- لەسیاسەتدا بەهیچ شێوەیەک راوەستان و پشت بەستن بەخەڵکی تر بوونی نییە. هەر لایەنێک بوەستی زەرەر دەکات. بەرژەوەندییەکانیش هیچ کاتێک تەواو نابن، بەردەوام دەبێ دانەستاندنیان لەسەر بکرێ و پارێزگاری بکرێن.
- سیاسەت بەگوێ پێنەدان و پشتگوێ خستن و خۆ لێ دزینەوەناکرێ، بەڵکو لەم قۆناخەدا، دەبێ سیاسەتمەدارەژیرەکان، لەپەیوەندی لەگەڵ کاروباری نێودەوڵەتیدا بێنەپێشەوە. دەبێ چاوەڕوان بین کەگۆڕانی تێدەکەوێ، ئەو گۆڕانەش شەرت نییەئەرێنی بێت. لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هیچ زەمانەتێک نییە، بەڵکو پەیماننامەهەنە، پابەندن بوون هەیە. کورد لەگەڵ هیچ لایەنێکی ئەو پەیماننامەیەدا بەشدار نەکراوە، بۆیەنابینین هیچ پابەند بونێکیش بەرانیەر بەکورد هەبێت.